# ماڵێك لە ئاو

www.dengekan.com

www.dengekan.com

سەرۆکی خـێڵ زۆر بە پەلـە هەرهـەموو خێڵەکەی کۆ کـردەوەو پێی وتن:

(ئێوە هەر هـەمووتـان دەزانـن کـە ئێمـە لـەم دورگەیـەدا گیرمـان خواردووە، چەند ساڵ جارێك ژمارەمان زیـاد دەکـا، وا ئەمـساڵیش وەك نەریتی باوو با پیران مەرجە هەندێکتان ئامـادە بـن و ببنـە قوربـانیی خوداوەند، ئاواش نەبێ نە خۆراك بەشمان دەکاو نە ئەو خاکەی لەسەری دەژین، وەك جاران هەنـدێکتان دەخەینـە نێـو بەلـەمێك و بـێ سـەوڵ دەتـاندەین بەدەم ئاوەوە. خۆشبەختە ئەو کەسەی دەبێ بە قوربانی، هەر لێـرەوە.. کـە لـە کـەنار دەریـاوە فڕێمـان دانـە نـاو گێژەلووکـەو شەپۆلەکانەوە، ئیدی لەوبەر کەناری ئـەودیو دێنـە دەرێ و لـەو دونیـا دەگەنە بەردەمی خوداوەندو ژیانێکی تا ئەبەد خۆش چـاوەڕێتانە، وەك دەبینن وا ئەمساڵ هەم ژمارەمان زیادی کردووەو هەم خۆراکمـان روو لـە کەمییە، لە پاڵ قوربانیانی پیرو پەککەوتە گەرەکە چەند کـوڕو کـچە لاوێك خۆ تەیار بکەن بۆ سەفەری ئەو دونیاو ببنە قوربانی).

لـە بـەردەم مـەرگ بـە خنکـان هـەر هـەمووان دۆش دامـابوون.. سەرۆك خێڵ هەڵیدایە:

(گـەر وابـێ.. ناچـارم وەك هـەموو جارێـك خـۆم قوربانییـەکان هەڵبژێرم).

سەرەتا هەرهەموو ئەو پیرەژن و پیرەمێردانەی کە سەریان لە گوێی قـەبردا دەلـەرزێ لـەو شـوێنەدا ریـز کـران کـە شـەپۆلەکان سەری خۆیان بە تاشەبەردەکانا دەشکاند.

بە درێژایی ئەو وەختە سەرۆك، قوربانییەکانی ریز دەکرد تا

نۆره هاته سەر كوڕو كچه لاوەكان كه لەژێر خۆرەتاوی گڕبارانی ئەو رۆژەدا فرمێسكو ئارەقەیان هەڵدەڕشت.

به درێژایی ئەو وەخته كوڕو كچێكی عاشق بێئاگا له مەرگو خنكانو له قوربانیو له گوشادبوون به دیداری خوداوەندو له بڕیاری نابەجێی سەرۆك خێڵ چاویان له یەكدی بڕیبوو، پرشنگی خۆر لەسەر لەشی ئەبەنووسی هەردووكیان شەپۆلی دەدایەوەو له شوێنێكدا لەسەر ئاوی دەریا، دەنێو بۆشایی ئاسمان، لەسەر خاكدا تێكەڵ به یەكدی دەبوون.

دواجار سەرۆك بڕیاری دا دوا قوربانی هەڵبژێرێ، دەستی خسته سەرشانی كوڕەی عاشقو خنكاو دەنێو چاوانی دڵخوازەكەیدا.

یەكه یەكه خزانه نێو بەلەمی شەقوشڕ، بێ سەوڵ به ئاودا دران. دوا قوربانی كوڕەی لەوەندو عاشق خرایه نێو بەلەمێكی چكۆلەو كون تێبوودا، تا له چاوان ون بوو ئاوڕی له كچه دایەوە، تاوتاو شەپۆلی شێتانەی كەنار دەریا كه دەتوت له داخی ئەم لێكدابڕانه سەری خۆیان دەشكێنن لێكدی بزر دەكردن.

هەرهەموو خێڵ به دەم سەماو هەراو زەناو قریشكەو هاوارو چریكەی سترانەوە رووەو ژێر كەپرەكان گەڕانەوە. تاكه كەسێك كه جێما بەسەر بەردێكی لووسو خزی رۆخانەی دەریاوە كچەی عاشق بوو كه دەتوت زەرییەو تازه له ئاوی زەریا دەرهاتووە، بەرلەوەی كوڕەی عاشق دەنێو تەمی دەریادا ون بێ، كەوته دوای شەپۆلی جێماوو كەفكردوو له بەلەمی تۆقیو، لەرزیو دەنێو گێژەنی دەریادا، كەوته دوای بۆنی جێماو.. كەوته دوای تامی

فرمێسكەكانی كوڕەی لەوەند.. شوێن پێیەكانی.. بەو ئومێدەی كە لەژێر دەریادا بەیەك بگەن، هەر زوو هەردوو پێیەكانی كە لەسەر بەردەكە خزی.. زەری عاشق هێدی هێدی بەرگی ئاوی پۆشی لە قولە پێیەوە.. تا ئەژنۆ.. پاشان كەمەرو تا بن مەمكان.. دواجار وەك گوڵە ئەتڵەسێك كەوتە سەرئاوو شەپۆلەكان رووەو بەلەمی نقومبووی كوڕەی عاشق نەرمە سەمایان پێكرد.. لەوێ.. دوور لە چاوانی بەدبینی سەرۆك خێڵ و هەرهەموو خێڵ.. لەژێر دەریادا ماڵێكی خنجیلانەیان لە مرواریو مەرجان دروست كرد.. دیوار ئاوو.. سەربان ئاوو.. شوورە ئاوو دەرگا ئاوو.. پەنجەرەكانیش هەر لە ئاو.. تا هەنووكە وا لەوێن.. دوو عاشقی ئاوی وا لەوێن..!

(1999)

**سلێمانی**

www.dengekan.com

www.dengekan.com